# یان هەرسێكی كەراماتە ؟!
# یان ئەمەشیان كلاوتی بە ناو پیاوچاكانە !!!

نووسەر

مامۆستا عدنان بارام

==================================

لە بڵاوكراوەكانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

كتێبی ژمارە ﴿٩٣﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی :

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا ، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ (١) .

﴿ يَـا أَيُّهَـا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِـدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَـا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَـاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَـاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَـانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ (٢) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَـدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ (٣) .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**گەڕانەوە بۆ لای پێشەوایان و ناوداران و زانایانی پایەبەرزی ئیسلام ، وەك : پێشەوا شافعی و أحمدی کوڕی حەمبەل ، مالك ، أبو حەنیفە و ابن تیمیە و جگە لەمانیش . بە ڕەحمەت بن . پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك بۆ ناسینی باش و خراپی خود و کرداری ئەو کۆمەڵ و گروپانەی کە بە درێژایی مێژوو سەریان هەڵداوە و لافی ئەوەیان لێداوە کە تەنها هەر ئەوانن هەڵگرانی ئیسلامی ڕاستەقینە !!! و کردەوەکانیان لە سەر قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوان ﷺ !!! بۆ ئەوەی ئەو پێشەوایانە بن بەچرا دید و بینایان ڕووناك بکەنەوە بە ووتە بە نرخ و پڕ لە زانستەکانیان ، ئەو کارەش پیادەکردن و گوێڕایەڵی کردنە بۆ ووتە و فرمانی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی :** ﴿ فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُـونَ ﴾ (٤) **، واتە : ئەگەر شتێکتان نەزانی ئەوا پرسیار لە زانان بکەن .**

**ئەم نووسراوەش ئاسانکاریەکە بۆ موسەڵمانان لەوەی کە بە دوای ووتەی زانایان ، و پێشەوایاندا بگەڕێن سەبارەت بە کرداری کۆمەڵ و گرووپێك کە بە ناوی ئیسلامەوە موسڵمانان بانگەشە دەکەن بۆ کردار و گوفتارێلێك کە هەر هەمووی شیرك و بڕیاردانی هاوەڵە بۆ خوای پەروەردگار ، وە بانگەشەیە بۆ سەربڕین بۆ جگە لە خوای پەروەردگار ، و زیاد ڕەوی کردن لە ئەولیاو پیاوچاکان و گەیاندنیان بە پلەی خوای پەروەردگار لە بەهانا هاتن و شیفادان ، و پێ بەخشین ، و پاراستن ، و ڕۆزی دان و زیادکردنی ... هتد ، لە گەڵ سوێند خواردن بە جگە لە خوای پەروەردگار ، و بلاوکردنەوەی سەدەها بگرە هەزارەها بیدعە و تازەگەری بە ناو سوننەتەوە !!! بێ ئەوەی موسوڵمانانی خوا ویست بە ئاگا بن لە کەین و بەینی ئەو کەسانە کە لە ڕواڵەتدا خاوەن مێزەرەی سپی و عەمامە ، و ڕیش و سیواك و تەهلیلە و صەڵاواتن !! وە ئەگەر بیانگوشیت هەزارەها شیرك و هاوەڵ بڕیاردان و بیدعەیان لێ دەکەوێتە خوارەوە !!!**

**ئەو کۆمەڵەش کۆمەڵی ( سۆفی گەران ) و ( تەسەوف ) ە کە خۆیان بە خاوەن تەریقە وکۆڕی زیکر و مەجلسی ئینشاد کەرامات دەزانن !! سەدەها کرداری سیخ لێدان و ئاگر و بەرد و دار خواردن بە ناوی**

---

(١) ( سورة آل عمران : ١٠٢ ) .

(٢) ( سورة النساء : ١ ) .

(٣) ( سورة الأحزاب : ٧٠ ــ ٧١ ) .

کەراماتـەوە ئـەنجام دەدەن !! و لـەم دواییانەشـدا جـارێکی تـر خەریکـە سـەر هەڵدەدەنـەوە ، دوای ئـەوەی کـە سەردەمێکە بە هۆی بڵاوبوونەوەی سوننەت و چاوڕۆشن کردنی موسڵمانان سەرکوت کرا و بێ دەنگ بوون .

جا بابزانین ووتەی پێشەوایان و ناودارانی ئیسلام سەبارەت بەم کومەڵە و کۆڕی ئینشاد و زیکریان چیە ؟ و ئایا ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن بە ناوی کەراماتەوە !!! تا چ ڕادەیەك ڕاستیان هەیە و تا چ ڕادەیەك کلاوتە بەناو ئاین و زاراوە شەرعیەکانەوە دەکرێن ؟!! بۆ ئەوەی لەوە زیاتر موسڵمانان لە خشتە نەبەن ، و لە ڕێگەی ڕاست دووریان نەخەنەوە ... داواکارم لە خوای پەروەردگار ئەم نووسراوەم لێ وەرگرێت ، و تەرازووی چاکەکاریەکانمی پێ قورس بکاتەوە ، و بە تێکۆشانی بزانێت لە پێناوی ئایینە پیرۆزەکەی .

## ووتەی پێشەوا ( الشافعي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ

### یەکەم : هەڵوێستی ئەم پێشەوایە بەرامبەر بە سۆفی گەرێتی :

پێشەوا ( الشافعي ) . بەڕەحمەت بێت . سەبارەت بە سۆفی گەرێتی فەرموویەتی : (( لو أن رجلاً تـصوف أول النهار ، لا يأتي الظهر حتى يصير أحمق ، وما لزم الصوفية أربعين يوماً فعـاد إليـه عقلـه )) [٥] ، واتە : ئەگەر پیاوێك لە سەرەتای ڕۆژدا بوو بە سۆفی ، نیوەڕۆی بە سەردا نایەت تاکو کەسێکی کەودەنی لێ دەرچێت ، وە ناشبینیت کەسێك چڵ ڕۆژ لە گەڵ تەسەوف و سۆفیگەرێتیدا بێت ، پاشان عەقڵی بۆ بگەڕێتەوە .

### دووەم : هەڵوێستی ئەم پێشەوایە بەرامبەر بە سۆز و دەف و دایەرەی سۆفی گەران :

وە پێشەوا ( الشافعي ) . بەڕەحمەت بێت . فەموویەتی : (( تركت بالعراق شيئاً يقال له ( التغبير ) ، أحدثه الزنادقة ، ويصدُّون الناس عن القرآن )) [٦] .

واتە : لە پاش خۆم لە بەغداد کردەوەیەکم بەجێ هێشتووە پێیان دەووت : ( التغـبير ) ، لە داهێنراوی کەسانێکی زەندیق ( دژ بەئایین ) بوو ، خەڵکیان پێ لە قورئانی پیرۆز دەڕەواندەوە ( دەصلاندەوە ) .

( التغبير ) یش : بریتیە لەو لێدانەی کە لە سەر پێستی ئاژەڵ دەدرێت بە دارێك یان بە هەرشتێکی تر وەك : دف و دەهۆڵ ، لە کاتی ئینشادی هونراوە و سۆزکردنی سوفیگەراندا کە سەبارەت بە زوهد لە دونیا و بێ نرخ کردنی دونیا لە چاوی گوێگرانیدا دەوترێت ، بە ئاوازێکی گونجاو لە گەڵ هونراوەکەدا .

شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن تيميـة ) . بەڕەحمەت بێت . سەبارەت بەم ووتەیەی پێشەوا ( الـشافعي ) فەرموویەتی : (( وما ذكره الشافعي ﷺ من أنه من إحداث الزنادقة كلام إمام خبير بأصول الإسلام ، فإن هذا الـسماع لم يرغب فيه و يدعو إليه في الأصل إلا من اتهم بالزندقة ... هتد ووتەکەی )) [٧] .

واتە : ئەوەی کە پێشەوا ( الشافعي ) . ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لێ بێت . فەرموویەتی سەبارەت بەوەی کە ئەو کارە لە داهێنانی کەسانێکی زیندیقەوەیە ، ووتەی کەسێکی پێشەوا و دانایە بە بنەواکانی ئایینی ئیسلام ، چونکە ئەم بیستن و گوێگرتنە جگە لە کەسانێکی تۆمەت بار بە زەندەقە ، کەسی تر خۆشەویستی نەکردووە لە لای خەڵك و بانگەشەی بۆ نەکردووە .

---

[٤] ( سورة النحل : ٤٣ ) .

[٥] ( تلبيس إبليس لابن الجوزي : ٣٧١ ) .

[٦] ( رواه أبو نعيم في الحلية : ٩/١٤٦، وابن الجوزي:٢٤٤ ــ ٢٤٩،وقال العلامة الألباني : إسناده صحيح ) .

[٧] ( مجموع الفتاوى : ١١ /٥٧٠ ) .

**ووتەی پێشەوا ( أحمد ) ی کوڕی ( حنبل ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ**

**یەکەم : هەڵوێستی سەبارەت بە مەجلیسی ئینشادی سۆفی گەران :**

( عبدالرحمن ) ی کوڕی ( المتطیب ) فەرموویەتی : پرسیارم لە ( أحمد ) ی کوڕی ( حنبل ) کرد ، و پێم ووت : (( ما تقول في أهل القصائد ؟ )) ، واتە : چی فەرمایش دەکەیت سەبارەت بە مەجلیسی ئینشادی سۆفی گەران ؟ فەرمووی : (( بدعــة لا يجالســون )) [٨] ، واتە : تازەگەری و بیدعەیە ، نابێت لە گەڵیاندا دابنیشرێت .

هەروەها پرسیاری لێ کرا سەبراەت بە مەجلیسی ئینشادی سۆفی گەران ؟ فەرمووی : (( بدعــة )) ، واتە : تازەگەری و بیدعەیە ، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : (( فكرهه ونهى عن اســتماعه )) ، واتە : بە شتێکی خراپی دانا و نەهیشی کرد لە گوێ لێگرتنی ، وە فەرموویەتی : (( إذا رأيت إنساناً منهم في طريــق فخذ في طريق أُخرى )) [٩] ، واتە : ئەگەر یەکێکت لەو کۆمەڵەیەت بینی بە ڕێگەیەکدا دەچوو ، ئەوا تۆ ڕێگەیەکی تر بگرە بەر .

**دووەم : هەڵوێستی لە شێواز و دەنگ بەرزکردنەوەی سۆفی گەران لە زیکردا :**

پێشەوا و شێخی ئیسلام ( ابن تيميــة ) فەرموویەتی : (( نابێت دەنگ بەرزبکرێنەوە لەو زیکرانەی کە لە شەرعدا هاتوون ، جگە لەوانە نەبێت کە لە سوننەتدا هاتووە ، وەك بانگ دان و تەلبیە کردنی حەج هاوشێوەکانیان ، هەروەکو لە فەرموودەی ( صحيح ) دا هاتووە ، لە ( أبو موسى ) ەوە کە جارێکیان پێغەمبەری خوا لە گەڵ هەندێك لە هاوەڵانی دەبێت ، و بە سەر بەرزاییەکدا سەردەکەون ، لەو کاتەدا دەنگیان بەرز دەکەنەوە بە زیکر ، پێغەمبەری خواش پێیان دەفەرمووێت : " يَا أَيُّهَا النَّاسُ ، ارْبَعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ ، فَإِنَّكُمْ لاَ تَدْعُونَ أَصَمَّ وَلاَ غَائِبًا ، إِنَّهُ مَعَكُمْ ، إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ ، ... " [١٠] ، واتە : ئەی خەڵکینە ، دان بگرن بە خۆتاندا و هات و هاوار مەکەن ، چونکە ئێوە هاوار بە کەسێك ناکەن کە ، لاڵ و ئامادە نەبوو بێت ، بەڵکو ئەو لە گەڵتاندایە ، و بیسەر و نزیکیشە لێتانەوە ، وە خوای پەروەدگار فەرموویەتی : ﴿ ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ ﴾ [١١] ، وە سەبارەت بە ( زكريا ) فەرموویەتی : ﴿ إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيًّا ﴾ [١٢] ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ ﴾ [١٣] .

وە لەم بارەیەوە ووتەیەکی زۆرمان لە پێشینەی ئەم ئوممەتە و پێشەوایانی پێگەیشتووە کە ئەمە شوێنی باس کردنی نیە هەروەکو ( الحسن البصري ) فەرموویەتی : (( رفع الصوت بدعة )) . پێشەوا ( أحمد بن حنبل ) یش هەمان بۆچوونی هەیە ، و جگە لەویش )) [١٤] .

جا موسڵمانی خواناس ئەگەر هەڵوێستی پێشەوا و ناودارانی ئیسلامت لە لا ئاشکرا بوو سەبارەت بە سۆفی گەران و سۆفی گەرێتی ، نەکەی ئامان بە باس و ووتەکانیان بخەڵەتێیت ، و فریو بخۆیت ، بۆ ئەوەی لە ڕاستە شەقامی ئیسلامت لا نەدەن و گومڕات نەکەن بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

[٨] ( المسائل والرسائل : ٢ / ٢٧٦ ) .

[٩] ( رواه الخلال ، نقلاً عن تحريم الآلات الطرب للألباني ) .

[١٠] ( رواه البخاري و مسلم ) .

[١١] ( سورة الأعراف : ٥٥ ) .

[١٢] (سورة مريم : ٣ ) .

[١٣] ( سورة الأعراف : ٢٠٥ ) .

[١٤] ( الاستقامة لابن تيمية : ١/٣٢٢-٣٢٣ ) .

## دەستپێك و ڕێخۆشکاری :

بێ گومان زۆرینەی نووسراوەکان دەستپێك و ڕێخۆشکاریەکی دیاری کراویان هەیە ، کە مەبەست تیایدا ڕێخۆشکاری و ئاسانکردنی تێگەیشتنە لە بابەتی نووسراوەکە ، منیش لێرەدا پێش ئەوەی بڕۆمە سەر ناوەڕۆکی باسەکەم ، ئەوە بەباش دەزانم چەند بنچینەیەك لە بنچینەکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە وجەماعەت ( أهل السنة والجماعة ) بخەمە ڕوو ، بۆ ئەوەی ببنە دەروازەیەك بۆ نووسراوەکەم ، هەروەها موسوڵمانانی بەڕێزیش بیانکەنە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم باسەی کە بەنیازم . بەپشتیوانی خوا . دەربارەی بدوێم ، گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم بنەوایانە هەڵگوازراوی کانیاوی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمووده ( صحیح ) ەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمانن ﷺ ، ئەوەش بە تێگەیشتنی پێشینە پیاوچاکانی ئەم ئوممەتە کە خوای پەروەردگار سەبارەت بەوان فەرموویەتی : ﴿ وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴾ [١].

واتە : خوای پەروەردگار لە پێشینە یەکەمینەکانی ئەم ئوممەتە لە کۆچەران و پشتیوانان ، و ئەوانەش بە چاکی شوێنیان کەوتوون ڕازی بووە و ئەوانیش لە پەروەردگاری خۆیان ڕازی بوون ، و باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون ، کە چەندەها ڕووباری بە ژێردا دەڕوات ، و بەهەتا هەتایی لەو باخچانەدا دەمێننەوە ، و ئەو سەرئەنجامەشە گەورەترین سەرفرازی و بردنەوەی ڕاستەقینە .

وە فەرموویەتی : ﴿ لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴾ [٢] .

واتە : خوای پەروەردگار ڕازی بوو لەو بڕوادارانەی کە بەیعەت و پەیمانیان پێ دای لە ژێر درەختەکەدا ، خوای پەروەردگار بە نیازی دڵیان زانا بوو لەوەی کە نیاز پاك و مەبەست درووست بوون ، بۆیە ئارامی خۆی بە سەردا داباراندن ، و پاداشتی دانەوە بە سەرکەوتنێکی نزیك .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءتْ مَصِيرًا ﴾ [٣] .

واتە : ئەو کەسەی کە دژایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بکات و لە ڕێبازەکەی لابدا ، دوای ئەوەی کە ڕێگەی هیدایەتی بۆ ئاشکرا بووە و زانیویەتی ، و شوێنی ڕێبازی غەیری موسڵمانان بکەوێت . کە لەو سەردەمەدا ڕێبازی هاوەڵان بوو ﷺ . ئەوا دەیدەینە دەستی ئەوەی کە شوێنی کەوتووە و

[١] ( سورة التوبة : ١٠٠ ) .
[٢] ( سورة الفتح : ١٨ ) .
[٣] ( سورة النساء : ١١٥ ) .

لە دوا ڕۆژیشدا دەیخەینە ئاگری دۆزەخەوە ، و ئەو ئاکام و دەرئەنجامەش خراپترین ئاکام و دەرەنجامە .

وە پێغەمبەر ﷺ بە (( خَيْرُ النَّاس )) ناوی هێناون کە فەرموویەتی : " خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ يَجِيءُ أَقْوَامٌ تَسْبِقُ شَهَادَةُ أَحَدِهِمْ يَمِينَهُ وَيَمِينُهُ شَهَادَتَهُ " (٤) .

واتە : باشترین سەدە و سەردەمەکانی خەڵك سەردەمەکەی منە ، پاشان ئەوانەی کە بەدوایاندا دێن ، وە پاشان ئەوانەی کە بەدوایاندا دێن ، پاشان دوای ئەوان کۆمەڵانێك دێن گەواهی دانیان پێش سوێنخواردنیان دەکەوێت ، و سوێند خواردنیشیان پێش گەواهی دانیان دەکەوێت !

## بنچینەکان :

**یەکەم :** هەموو کردار و گوفتارێك کە بەڵگەی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوای ﷺ لە سەر نەبێت بە ڕووی خاوەنەکەیدا دەدرێتەوە ( كُلُّ أَمْرٍ فِي الدِّينِ لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُ القُرْآنِ وَالسُّنَّةِ فَهُوَ رَدٌّ) :

ئەم بنەمایە هەڵگوازراوی فەرموودەیەکی ( صـــحیح ) ی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە تیایدا فەرموویەتی : " مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنا هَذا ما لَيْسَ مِنهُ فَهوَ رَدٌّ " (٥) .

واتە : موسوڵمانان ئەبێ هەموو کردەوەیەکیان بەپێی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا بێ ﷺ ، جیاوازیش نیە لەوەی کە ئەو کردەوەیە لەبیر و باوەڕدا بێ ، یان لەپەرستشەکاندا ، چونکە ئەگەر وانەبێ بەڕووی خاوەنەکەی دا دەدرێتەوە . خوا پەنامان بدات . .

یان ئەبینین لە قورئانی پیرۆزدا خوای پەروەردگار فەرمانی کردوە بەپێغەمبەری ئازیزمان ﷺ بە ئوممەتەکەی بڵێت : ئەگەر خواتان خۆش ئەوێ شوێنی من بکەون ، لە ئەنجامدا خوای پەروەردگار خۆشی ئەوێن ، و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت ، ئەوەش لە ئایەتی ( ٣١ ) ی سورەتی ( آل عمران ) کە فەرموویەتی : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾ ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و لافی خۆشەویستی خوای پەروردگار لێدەدەن ، ئەوا شوێنی من بکەوون . واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ . لە ئەنجامدا خوای پەروەردگار خۆشی دەوێن ، و لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت ، خوای پەروەردگاریش لێبوردە و بە ڕەحمەت و بەزەییە بەرامبەر بە بەندەکانی .

کەواتە برای موسڵمان : لە ژێر تیشك و ڕووناکی ئەم ئایەتەدا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بۆ بە دەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار و بە دەست هێنانی لێخۆش بوونی دەبێت کردەوەیەك نەکەین پێچەوانەی سوونەتەکانی پێغەمبەری خوا بێت ﷺ ، ئەو کارەشمان بە

---

(٤) ( رواه البخاري ومسلم ) .

(٥) ( البخاري و مسلم ) .

کارکردنی بەشی دووەمی شایەتومانەکەمانە کە پێی ئەوترێ ((توحید المُرْسَل)) یان ((توحید المُتَابَعة)) کە تێیدا دانمان بەوەدا ناوە کە تەنها شوێنکەوتنمان بۆ پێغەمبەرە ﷺ .

دووەم : پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی نەهێشتوەتەوە لەوەی کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووە ئیللا فەرمانی پێ کردووین ، و پێی ڕاگەیاندووین ( مَا تَرَكَ الرَّسُولُ ﷺ شَيْئاً مِمَّا أَمَرَهُ اللهُ بِهِ إِلا وَقَدْ أَمَرَنَا بِهِ وَبَلَّغَنَا إِيَّاهُ ) :

هەروەکو ڕوونە واتای ئەم بنەوایە ئەوەیە کە هیچ شتێك نەماوەتەوە کە خوای پەروەردگار فەرمانی کردبێت بە پێغەمبەرەکەی ﷺ ، بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە ئێمەی ئوممەتی ئەو ، ئیللا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووین و پێی ڕاگەیاندوین ، بە باشترین شێوە ، هەروەکو خۆی فەرموویەتی : " مَا تَرَكْتُ شيئاً مِمَّا أَمَرَكُمُ اللهُ بِهِ ، إلا وقَدْ أَمَرْتُكُمْ بِهِ " [٦] .

لە ڕوانگەی ئەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا ئەبێ کە هەرکەس بیدعە و تازەگەریەك بێنێتە ناو ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە ، و بە چاکی بزانێت !!! ئەوا کردەوەکەی لە سێ شت بەدەر نیە ، با بەزمانیش ئەو شتانە نەڵێت و نەیاندرکێنێت ، و بشڵێت مەبەستم ئەوە نیە ، شیرین ترینیشیان لە ژەهری مار تاڵ ترە ، بگرە ژەهری مار لە چاویا زۆر شرینە :

١ / گومانی ئەوە دەبا کە پێغەمبەری خوا ﷺ خیانەتی لەم ئایینە کردووە ، و بە چاکی نەیگەیاندوە . خواپەنامان بدات . .

٢ / یان خۆی بە زاناتر دەزانێ لە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، ئەوەش بەوەی کە ڕێگەیەکی بەدیهێناوە بۆ لەخوا نزیك بوونەوە بێ ئەوەی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ فەرمانیان پێ کردبێت ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾ [٧] ، واتە : پەروەردگاری تۆ هیچی لە بیر نەچووەتەوە ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلاً ﴾ [٨] ، واتە : هەموو شتێکمان بە تێر و تەسەلی ئاشکرا کردووە و خستوەتە ڕوو .

٣ / وە یان گومانی وایە ئەم دینە تەواو نەبووە !!! و ئەم ئەیەوێ کەم و کوڕیەکانی تەواو بکات !!! کەچی خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾ [٩] ، واتە : ئەمڕۆ ئایینەکەم بۆ تەواو کردن ، و ڕازیش بووم بەوەی کە ئیسلام ببێت بە ئایین ، و پەیڕەوی ژیانتان .

کەواتە نابێت هیچ موسوڵمانێك بیر و باوەڕێك ، یان پەرستشێك ، یان ڕێگەیەك بگرێتە بەر بۆ پەرستنی خوای پەروەردگار ، و لە خوا نزیك بوونەوە ، جگە لەوانەی کە ئاینی ئیسلامی پیرۆز فەرمانی پێ کردوون ، و دیاری کردوون ، لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ .

---

[٦] ( صححه العلامة الألباني في الصحيحة : ١٨٠٣ ) .

[٧] ( سورة مريم : ٦٤ ) .

[٨] ( سورة الإسراء : ١٢ ) .

[٩] ( سورة المائدة : ٣ ) .

**سێیەم : باوەڕمان بە کەراماتی ئەولیا و پیاوچاکان هەیە ، بەڵام مەرج نیە هەموو شتێکی پێچەوانەی کردەوەی ئاسایی و موعتادی مرۆڤ بە کەرامات دابنرێت ( نُؤمِنُ بِكَرَامَاتِ الأَوْلِيَاءَ ، وَلَكِنْ لَيْسَ كُلُّ خَارِقٍ لِلْعَادَةِ كَرَامَةً ) :**

**واتە : ئێمەی ئەهلی سوننە و جەماعە باوەڕمان بە کەراماتی ئەولیاکانی خوا و پیاوچاکان هەیە ، بەڵام مەرج نیە هەموو شتێك لەو بابەتانەی کە پێچەوانەی عادەتی ئاسایی خەڵکە کەرامات بێ !!!**

**بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم بنەوایە با بزانین زاراوەی ( ئەولیا ) لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەچ واتایەك هاتووە ؟**

**سەبارەت بەم زاراوەیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی :** ﴿ أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴾ (١٠) .

**واتە : بە ڕاستی ئەولیاکانی خوای پەروەردگار هیچ ترسێکیان لە سەر نیە و ترسیشیان لە سەر نیە لە ڕۆژێکدا کە هەموان دەترست ، و نە دڵ تەنگن لە ترسی سزایی خوای پەروەردگار ، ئەوانەی کە باوەڕدار بوون ، و خۆپارێز بوون لە کەوتنە تاوانەکانەوە .**

**وە فەرموویەتی :** ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ ﴾ (١١) .

**واتە : تەنها ئەولیا و پشتیوانانی ئێوە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئەوانەن کە بڕوایان هێناوە ، و نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و زەکاتی ماڵەکانیان دەدەن ، و بەردەوام کڕنووشی بەندایەتی و زەلیلی بۆ پەروەردگاری خۆیان دەبەن .**

**وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکی قودسیدا کە لە خواوە دەیگێڕێتەوە فەرموویەتی :** " مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ ؛ وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ ... " (١٢) .

**واتە : ئەو کەسەی کە دژایەتی بەندەیەك لە بەندەکانی من بکات ، ئەوا من جەنگی لە گەڵدا ڕادەگەیەنم ، بەندەکەشم لێم نزیك نابێتەوە بە شتێك خۆشەویست تر بێت لە لام لەوەی کە فەرزم کردوونەتە سەری ، و بەردەوامیش بەندەکەم لێم نزیك دەبێتەوە بە ئەنجامدانی سوننەتەکان تا وای لێ دێت خۆشم بوێت ، جا ئەگەر خۆشم ویست ... هتد فەرموودەکە .**

**کەواتە ئەولیاکانی خوای پەروەردگار ئەبێ سێ سیفەتی ئاشکرایان تێدا بێ ، ئەوانیش :**

**یەکەم : باوەڕ بوونێکی تەواو و درووست ، هەروەکو چۆن لە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەردا هاتووە ﷺ ئەوەش بەتێگەیشتنی پێشینە پیاوچاکانی ئەم ئوممەتە .**

---

(١٠) ( سورة يونس : ٦٢ ــ ٦٣ ) .

(١١) ( سورة المائدة : ٥٥ ) .

(١٢) ( رواه البخاري ) .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ فَإِنْ آمَنُواْ بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَواْ ﴾ [١٣] .

واتە : ئەگەر خەڵکانی پێش و پاشی ئێوە . بێگومان گوفتارەکە لە گەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانێتی ﷺ . ئەوا هیدایەت دراوون ، کەواتە ئەگەر وا نەبێت ئەوا پێچەوانەکەی دەبێت .

**دووەم :** بوونی ( تقوی ) واتە : لە خواترسان ، کە بریتیە لە پابەند بوون بە فەرمانەکانی خوای پەروەردگار ( فعل المأمورات ) ، و دوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراو و قەدەغەکراوەکانی ( ترك المنهيات ) ، بەرپاکردنی یەکخوا پەرشتیش گەورەترین فەرمان پێکراوە کە دەبێت بۆ خوا ئەنجام بدرێت ، و هاوەڵ بڕیاردانیش گەورەترین شتێکە کە نەهی لێ کردبێت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ [١٤] .

واتە : ئەی خەڵکینە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن ، ئەو پەروەردگارەی کە ئێوە و ئەوانی پێش ئێوەشی خوڵقاندووە ، بۆ ئەوەی لە خوا بترسن .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ [١٥] .

واتە : لوقمانی دانا ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات بەوەی کە : ئەی کوڕی شیرینم نەکەی هاوەڵ بۆ خوای پەروەردگار دابنێیت ، چونکە هاوەڵ بڕیاردان ستەمێکی زۆر گەورەیە .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا ﴾ [١٦] ، واتە : تەنها پەروەردگاری خۆتان بپەرستن ، و بە هیچ شێوەیەك هیچ شتێك نەكەن بە هاوەڵی .

لە گەڵ دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی فاسق بوون و بەردەوام نەبوون لەسەر گوناهی بچووك و نەکردنی گوناهی گەورە .

**سێیەم :** ئەبێ ئەو ڕێگەیەی کە ئەولیاکانی خوا ئەیگرنەبەر بۆ لێ نزیك بوونەوە لە خوا ، پابەندبوون بێ بەو شتانەی کە خوای پەروەردگار فەرزی کردوون لە سەریان ، پاش ئەوانەش ئەنجام دانی سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەی بێ ﷺ هەروەکو لە فەرمووده قودسیەکەدا ئاماژەی پێ کراوە .

پێشەوا ( السعدي ) لە تەفسیرە بە نرخەکەیدا ، و لە ڕاڤەی ئایەتی ( ٥٥ ) ی سورەتی ( المائدة ) دا دەفەرموێت : (( فأداة الحصر في قوله : ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا ﴾ تدل على أنه يجب قصر الولاية على المذكورين ، و التبري من ولاية غيرهم )) [١٧] .

واتە : ئامرازی تایبەت کردن ( واتە : إنما ) لەم ئایەتەدا ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە کە سیفەتی ( وەلی ) تەنها بەوانە بووترێت کە لە ئایەتەکەدا باس کراوون ، و لە گەڵ بێ بەری بوون لە ئەولیایێتی جگە لەوان .

---

[١٣] ( سورة البقرة : ١٣٧ ) .
[١٤] ( سورة البقرة : ٢١ ) .
[١٥] ( سورة لقمان : ١٣ ) .
[١٦] ( سورة النساء : ٣٦ ) .
[١٧] ( تفسير السعدي : ج ١ / ص ٢٣٦ ) .

پاشان و دوای ئەم دەستپێکە ڕوون و ئاشکرایەی کە باسی لێوە کرا ، دێمە سەر ناوەڕۆکی باسەکەم کە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەیە کە لە مێشکی زۆر لە موسوڵمانەندا گەڵاڵە بووە و هەیە ... پرسیارەکەش :

(( ئایا کۆبوونەوە بۆ زیکر لەگەڵ بەکارهێنانی دەف و سەماکردن ! و زەرگ لێدان !! ( واتە : سیخ ) یان شیر لەخۆدان !! کار و کەراماتی ئەولیایە ؟!! یان کڵاوتی بە ناو پیاو چاکانە ؟!! کە ئێستا کەسانێکی زۆر بە ناو ئاینەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ، یان لە دوای نوێژی جومعە پێی هەڵ دەستن لە هەندێك شاری کوردستان !! هەموو ئەوەش بە بیانووی ئەوەی کە ئەم کارە جۆرێکە لەنزیك بوونەوە لەخوای پەروەردگار . بە گومانی خۆیان . !!

ئێمەش لە لای خۆمانەوە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئەخەینە ئەستۆی ( شيخ الإسلام ابن تيمية ) . ڕەحمەتی خوای لێ بێ . کە فەرموویەتی :

(( وأما سماع المكاء والتصدية ، وهو الإجتماع لسماع القصائد الربانية سواء كان بكف أو بقضيب أو بدف أو كان مع ذلك شبابة ، فهذا لم يفعله أحد من الصحابة ، لا من أهل الصفة ولا من غيرهم ، بل ولا من التابعين ، بل القرون المفضلة التي قال فيها النبي : " خير القرون الذين بعثت فيهم ، ثم الذين يلونهم ، ثم الذين يلونهم " ، لم يكن فيهم أحد يجتمع على هذا السماع ، لا فى الحجاز ولا في الشام ولا في اليمن ولا العراق ولا مصر ولا خراسان ولا المغرب )) [١٨] .

واتە : وە سەبارەت بە ( المكاء ) ، و ( التصدية ) کە بریتیە لە کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن لە هەڵبەست و هۆنراوەی ئایینی ، بێ جیاوازی خستنە نێوان ئەوەی کە چەپڵە لێدان ، یان شمشاڵ ، یان دەف یان ( شبابة ) ی لە گەڵدا بێت ، ئەم کردارە هیچ یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر نەیانکردووە ، نەلە ئەهلی ( الصفة ) کە هەژارانی هاوەڵان بوون ، نە جگە لەوانیش ، بەڵکو شوێنکەوتوانیش نەیانکردووە ، بەڵکو ئەو سێ سەدەش کە پێغەمبەری خوا لە وەسفیاندا فەرموویەتی : " چاکترین سەدە و سەردەمی مرۆڤ ئەو سەدەیەیە کە منی تێدا نێردراوم ، پاشان ئەوانەی بە دوایاندا دێن ، و پاشان ئەوانەی کە بە دوایاندا دێن " ئەو سەدانە هیچ کەسێکیان تێدا نەبووە کە بۆ ئەو جۆرە گوێگرتنانە کۆ ببنەوە ، نە لە ( الحجاز ) ، و نە لە ( الشام ) ، و نە لە ( اليمن ) ، و نە لە ( العراق ) ، و نە لە ( مصر ) ، و نە لە ( خراسان ) ، و نەش لە ( المغرب ) دا .

هەروەها فەرموویەتی : (( وأما السماع المحدث سماع الكف والدف والقصب ، فلم تكن الصحابة والتابعون لهم بإحسان وسائر الأكابر من أئمة الدين يجعلون هذا طريقا إلى الله تبارك وتعالى ، ولا يعدونه من القرب والطاعات ، بل يعدونه من البدع المذمومة ، حتى قال الشافعي : خلفت ببغداد شيئا أحدثته الزنادقة

[١٨] ( مجموع الفتاوى : ج ١١ : ص ٥٧ ــ ٥٨ ) .

يسمونه التغبير يصدون به الناس عن القرآن [١٩] . وأولياء الله العارفون يعرفون ذلك ، ويعلمون أن للشيطان فيه نصيبا وافراً)) [٢٠] .

**واتە : وە سەبارەت بە بیستنی بیدعە و تازە داهێنراو کە بە دەست و دەف و شمشاڵ دەکرێت ، ئەوا هیچ کەسێك لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان بە چاکە و دروستی ، و هەموو گەورە و پێشەوایانی ئیسلام ئەم کارەیان نەکردووەتە ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بە خوای پەروەردگار و ڕازی بوونی ، و بە نزیك بوونەوە و گوێڕایەڵیان نەزانیوە بۆ خوای پەروەردگار بەڵکو بە تازەگەری و بیدعەی لۆمەکراویان دەزانی ، تا ئەو ڕادەیەی کە پێشەوا شافعی فەرموویەتی : لە پاش خۆم لە بەغداد کردەوەیەکم بەجێ هێشتووە پێیان دەووت : ( التغبير [٢١] ) ، لە داهێنراوی کەسانێکی زەندیق ( دژ بەئایین ) بوو ، خەڵکیان پێ لە قورئانی پیرۆز دەڕەواندەوە ( دەصلاندەوە ) ، بەڵام ئەولیا زاناکانی خوای پەروەردگار ئەوە دەزانن ، و دەشزانن کە ئەو کارە بە زۆری دەستی شەیتانی تێدایە .**

**لەم دوو ووتەیەی ( شيخ الإسلام ) ەوە ئەم خاڵانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت :**

**١ / بەستنی کۆڕی زیکر بەدەف بێ یان بە هەرشتێکی تر ، لە کرداری پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵە بەڕێزەکانی نیە رضي الله عنهم ، بەڵکو سێ سەدەی یەکەمی ئەم ئوممەتە هیچیان ئەم کارەیان ئەنجام نەداوە ، نە لە حیجاز و نە لە شام و نە لە یەمەن و نە لە عێراق و مصر و مەغریبیشدا ، کەواتە ئەم کارە بیدعەیە ، ( بڕوانە بنەوای یەکەم لەم باسەدا ) .**

**٢ / هەر هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتوانیان و هەموو گەورە پێشەوایانی ئەم ئوممەتە بەڕێگەیەکیان نەزانیوە بۆ نزیك بوونەوە لە خوای پەروەردگار ، چونکە باش لە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ تێگەیشتوون کە لە بنەوای دووەمدا باسمان لێوە کرد . نەك وەکو گێلە پیاوانی ئەم سەردەمە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بڵێن : ئەمە ڕیگەی لەخوا نزیك بوونەوەیە !!!**

**٣ / پێشەوای پایەبەرزی ئیسلام ( ئیمامی شافعی ) ئەم کارەی بە داهێنراوی زندیقەکان داناوە ، و بە هۆکارێکی زانیوە بۆ دوور خستنەوەی موسوڵمانان لە قورئانی پیرۆز .**

**٤ / زانایان و ئەولیاکانی خوای پەروەردگار ، وەکو : پێشەوا شافعی و ( شيخ الإسلام ابن تيمية ) ئەوەیان لا ئاشکرایە کە ئەم کارە دەستی دوژمنانی باوکە ئادەم و نەوەکانی تێدایە : کە شەیتان و دار و دەستەکەیەتی لە جنۆکە و مرۆڤ ، هەروەکو چۆن بڕیاری داوە ، و سوێندی بۆ ئەو کارە خواردووە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴾**

---

[١٩] رواه أبو نعيم في الحلية : ١٤٦/٩، وابن الجوزي : ٢٤٤ ــ ٢٤٩، وقال العلامة الألباني : إسناده صحيح .

[٢٠] ( مجموع الفتاوى : ج ١١ : ص ٢٩٧ ــ ٢٩٨ ) .

[٢١] ( التغـــبير ) يش : بريتيە لەو لێدانەی کە لە سەر پێستی ئاژەڵ دەدرێت بە دارێك يان بە هەرشتێکی تر وەك : دف و دەهۆڵ ، لە کاتی ئینشادی هونراوە و سۆزکردنی سوفیگەراندا کە سەبارەت بە زوهد لە دونیا و بێ نرخ کردنی دونیا لە چاوی گوێگرانیدا دەوترێت ، بە ئاوازێکی گونجاو لە گەڵ هونراوەکەدا .

[٢٢] ، واتە : سوێند بێت بە عیزەتی تۆ ، ئەبێت هەموویان لە خشتەبەرم ، ئیللا ئەو بەندانەت نەبێت کە کردار و گوفتارەکانیان تەنها بۆ ڕەزامەندی تۆ ئەنجام دەدن .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ ﴾ [٢٣] ، واتە : شەیتانی دەرکراو لە ڕەحمەت و بەزەیی خوای پەروەردگار کۆمەڵانێکی زۆری لێ گومڕا کردوون ، جا بۆ ژیر نابن ، و بیر ناکەنەوە لەو دوژمنەتان .

ئەی ئەگەر ووترا : ئەگەر وابێ ئەی بۆ ئەو کەسانەی کە زەرگ یان شیر لە خۆیان دەدەن ، هیچ کارێکیان لێ ناکات ؟ بەڵکو شوێنەوارەکەشی دەر ناکەوێ !!! ئەگەر ئەمە کەرامات نەبێ ئەی ئەبێ چی بێ ؟!!

لە وەڵامی ئەمەشدا ئەڵێم : ئەوەی ئاشکرا کرابێ لە کار و توانای جنۆکە و شەیتانەکان لە قورئانی پیرۆزدا ئەوەیە کە ئەم دروست کراوانەی خوای پەروەردگار توانای ئەوەیان هەیە شتێکی مادی و بینراو بە ناو شتێکی تردا بەرن بێ ئەوەی شوێنەواری شتی یەکەم لە شتی دووەمدا دەرکەوێ .

بۆ نموونە هێنانی عەرشی بەلقیسە بۆ ناو کۆشکی پێغەمبەر ﷺ سولەیمان لە چاو تروکانێدا بوو ، بە بێ ئەوەی کۆشکەکەی سولەیمان شوێنەواری ئەو کارەی پێوە دیار بێ .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ قَالَ الَّذِي عِندَهُ عِلْمٌ مِّنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ فَلَمَّا رَآهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُ قَالَ هَذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ﴾ [٢٤] .

واتە : ئەوەیان کە زانیاری سەبارەت بە کتێبی تەورات هەبوو کە ( ابن عباس ) رضي الله عنه دەڵێت : ناوی ( آصف ) ە بووە و کاتبی پێغەمبەر ( سليمان ) بووە . عليه السلام . ، ووتی : من بۆتی ئەهێنم لە چاو تروکاندنێکدا ، وە کە پێغەمبەر ( سليمان ) . عليه السلام . بینی هێنرایە بەر دەستی و لە بەر دەستیدا جێگیر بوو ، فەرمووی : ئەمە چاکەی خوای پەروەردگارە بەرامبەر بە من بۆ ئەوەی تاقیم بکاتەوە و دەرکەوێت ئایا شوکرانە بژێری دەکەم یان کوفری نیعمەتەکانی دەکەم .

ئەمەو لە کۆتای ووتەی دووەمی ( شيخ الإسلام ) یشدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت : (( أولياء الله العارفون يعرفون ذلك ، و يعلمون أن للشيطان فيه نصيباً وافراً ... )) . کەواتە ئەم کارە لە کاری شەیتانەکان زیاتر هیچی تر نیە ؟!

بۆیە پێویستە ئێمەش هەروەکو ( شيخ الإسلام ) فەرموویەتی بڵێین : (( قد اتفق أولياء الله على أن الرجل لو طار فى الهواء أو مشى على الماء لم يغتر به ، حتى ينظر متابعته لرسول الله ﷺ وموافقته لأمره ونهيه ... )) [٢٥] .

---

[٢٢] ( سورة ص : ٨٣ ـ ٨٢ ) .
[٢٣] ( سورة يس : ٦٢ ) .
[٢٤] ( سورة النمل : ٤٠ ) .
[٢٥] ( مجموع الفتاوى : ج ١١ / ص ٢١٤ ) .

**ئەم ووتەيەشمان بۆ ئەوەيە كە كاری ئەوليای خوا لە ئەوليای شەيتان جيا بكرێتەوە .**

**ئەگەر خوێنەرانی ئازيز بڕواننە سەرچاوەی ناو براو ، ئەبينن** ( شيخ الإسلام ابن تيمية ) **زياتر لە سەر ئەم باسە دەڕوات و دەفەرمووێ** : (( فأما أهل الأحوال منهم ؛ فهم قوم اقترنت بهم الشياطين ، كما يقترنون بإخوانهم ، فإذا حضروا سماع المكاء والتصدية أخذهم الحال ، فيزيدون ويرغون كما يفعله المصروع ، ويتكلمون بكلام لا يفهمونه هم ولا الحاضرون ، وهي شياطينهم تتكلم على السنتهم عند غيبة عقولهم ، كما يتكلم الجني على لسان المصروع ، ولهم مشابهون في الهند من عباد الأصنام ... وهم الذين يباشرون النار ، وأولئك قد لا يشعرون بذلك كالمصروع الذي يضرب ضربا وجيعا وهو لا يحس بذلك ، لأن الضرب يقع على الجني ، فكذا حال أهل الأحوال الشيطانية ، ولهذا كلما كان الرجل أشبه بالجن ، والشياطين كان حاله أقوى ، ولا يأتيهم الحال إلا عند مؤذن الشيطان ، وقرآنه ، فمؤذنه المزمار ، وقرآنه الغناء )) [٢٦] .

**واتە : وە سەبارەت بەوانەيان كە حاڵيان لێ دێت خاوەن حاڵ ئەحواڵی جۆراو جۆرن ، ئەوانە خەڵكانێكن شەيتانيان لە گەڵدايە ، هەروەكو چۆن لە گەڵ براكانياندايە ، جا كە ئامادەی ئەو گوێگرتن و بەزم ڕەزمە دەبن حاڵ دەيانگرێت ، دەس دەكەنە ئەو هات و هاوار و وڕێنە كردنانە وەك ئەوەی كە كەسێكی تووش بوو بە نەخۆشی جنۆكە چوونە لەشەوە دەيكات ، و جۆرە ووتەيەك دەڵێن نەخۆيان و نە ئامادەبووانيش لێی تێ ناگەن ، ئەوەش شەيتانەكانيانە كە لە سەر زاريان دەدوێن ، لەو كاتەی كە هۆشيان لەلای خۆيان نامێنێت ، هەروەكو چۆن جنۆكە لە سەر زاری تووشبوو بەو نەخۆشيەی كە جنۆكە دەچێتە لەشيەوە ، هاوشێوەشيان هەن لە بت پەرستانی هندۆس [٢٧] ، ئەو هاوشێوانەش ئەوانەن كە ڕاستەوخۆ بەر ئاگر دەكەون ، وە ڕەنگە ئەوانە هيچ هەستێك نەكەن بەو شتە هەروەكو تووش بوو بە نەخۆشی جنۆكە هەست بە هيچێك لەو لێدانانە ناكات ، كە لە ڕاستيدا لێدانێكی ئازار دەرە ، چونكە لێدانەكە دەكەوێتە سەر جنۆكەكان نەك خودی نەخۆشەكە ، بەهەمان شێوەش حاڵ لێهێنانی ئەو حاڵ لێهاتنە شەيتانيانە ، بۆيە دەبينين تاكو حاڵی ئەو كەسانە زياتر هاوشێوەی شەيتان بێت حاڵ لێهاتنەكەی بە هێزتر دەبێت ، وە ئەوەش كە دەبينرێت ئەوەيە ئەو جۆرە كەسانە حاڵيان لێ نايەت تاكو گوێبيستی بانگدەری شەيتان و قورئانەكەی نەبن ، بانگدەرەی شەيتانيش شمشاڵە ( يان : ئامێری موسيقايە ) و قورئانەكەشەی گۆرانيە .**

**هەروەها فەرموويەتی** : (( ولهذا قد يحتاج في إبراء المصروع ودفع الجن عنه إلى الضرب ، فيضرب ضربا كثيراً جداً ، والضرب إنما يقع على الجني ولا يحس به المصروع حتى يفيق المصروع ، ويخبر أنه لم يحس بشيء من ذلك ، ولا يؤثر في بدنه )) [٢٨] .

---

[٢٦] ( مجموعة الفتاوى : ج ١٩ / ص ٢٦٩ ــ ٢٧٠ ) .

[٢٧] **ئەوەش كە لە وێنەكانی ئەم نووسراوە دەردەكەوێت بوزاپەرستان و جادوگەرانيش دەچە ئەو هاوشێوييەتەوە كە شێخی پايەبەرزی ئيسلام باسی دەكات .**

[٢٨] ( مجموع الفتاوى : ج ١٩ / ص ٦٠ ) .

**واتە : هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی جنۆکە بوون پێویستیان بەوەیە کە سارد بکرێنەوە ، و بۆ دوورخستنەوەی جنۆکە لێیان لێیان بدرێت ، وە کە لێیان دەدرێت لێدانەکە دەکەوێتە سەر جنۆکەکە ، و نەخۆشەکە هیچ هەست بەو لێدانانە ناکات تاکو بە ئاگا دەبێتەوە ، وە ڕایدەگەێنێت کە هەستی بە هیچ نەکردووە ، هیچ کاریگەریشی نیە لە سەر لەشی .**

**واتە ( شیخ الإسلام ) کاری ئەم جۆرە کەسانە ئەشوبهێنێ بەو کەسانەی کە جنۆکە دەچێتە لەشیانەوە ، لەو کاتەشدا بۆ دەرچوونی جنۆکەکە چارەسەرکار دەدات لەو کەسە ، ئەو کەسەش ( واتە : نەخۆشەکە ) لە کاتی ئەو لێداندا هیچ هەست بەو لێدانە ناکات ، بەهەمان شێوە لێدانی زەرگ و شیرش ئەکەوێتە سەر جنۆکەکان نەك ئەو کەسەی کە زەرگەکە یان شیرەکە لە خۆی دەدات .**

**نەك هەر ئەوە بەڵکو نەهێشتنی ئاوی شوێنێك یان فڕین لە هەوا ، و هەڵگرتنیان بۆ شوێنانی تر . هەروەك بەناو مامۆستایەك لە یەکێك لە شارەکانی کوردستاندا پێش چەند ساڵێك ( دەیفەرموو !!! ) من بە غەیب ڕۆشتم بۆ حەج و گەڕامەوە !!! ئەم کارەی وەك کەراماتێك باس دەکرد . یان هەندێ جار لە شوێنی خۆیەوە ئەڕوات بۆ لادێیەکی تر لە ماوەیەکی کەم لە شەودا بێ ئەوەی ئۆتۆمبیل یان گیان لەبەرێك بەکار بهێنێت ، و لە هەمان ساتدا دەگەڕێتەوە ، کەچی ئەگەر بەپێ بڕوات بە شەو و ڕۆژێك ئینجا بگاتە ئەو شوێنە ، و بگەڕێتەوە !!! ـ ئەمە هەمووی بێ ئەوەی خۆی لە شار بڕواتە دەرەوە !!! ـ هەمووی کاری جنۆکەیە .**

**وە** ( شيخ الإسلام ) **فەرموویەتی** : (( ولهذا كثير من هذه الأمور يكتبون فيها كلام الله بالنجاسة ... فإذا قالوا أو كتبوا ما ترضاه الشياطين أعانتهم على بعض أغراضهم : إما تغوير ماء من المياه ، وإما أن يحمل في الهواء إلى بعض الأمكنة ... )) [٢٩] .

**واتە : وە لە بەر ئەوەیە زۆرینەی ئەو کەسانە بەپیسی قورئان دەنووسنەوە ... چونکە کە شتێك دەڵێن یان شتێك دەنووسنەوە شەیتانەکان پێی ڕازین یارمەتیان دەدەن لە هەندێك کاریاندا ، وەك : ووشك کردنی ئاوێك و نەهێشتنی ، یان هەڵگرتنیان و بردنیان بەهەوادا بۆ هەندیك شوێن !!!**

**پاشان دێتە سەر باسی چەند نموونەیەك لەو کەسانەی کە جنۆکە کاری بۆ ئەنجام داون ، لەوانەش** : (( وأمثال هؤلاء كثيرون مثل الحارث الدمشقي الذى خرج بالشام زمن عبدالملك بن مروان وادعى النبوة ، وكانت الشياطين يخرجون رجليه من القيد ، وتمنع السلاح أن ينفذ فيه ، وتسبح الرخامة إذا مسحها بيده ، وكان يرى الناس رجالا وركبانا على خيل في الهواء ويقول هي الملائكة ، و إنما كانوا جنا ، و لما أمسكنه المسلمون ليقتلوه طعنه الطاعن بالرمح فلم ينفذ فيه ، فقال له عبدالملك إنك لم تسم الله فسمى الله فطعنه فقتله ... )) [٣٠] .

---

[٢٩] ( مجموع الفتاوى : ج ١٩ / ص ٣٥ ) .

[٣٠] ( مجموع الفتاوى : ج ١١ / ص ٢٨٥ ) .

واتە : نموونەی ئەوانەش زۆرن وەکو ( الحـــارث الدمـــشقي ) کە لـــە شـامــدا دەرکـــەوت لـــە ســـەردەمی ( عبـــدالملك ) ی کــوڕی ( مـروان ) دا و لافـی پێغەمبەرایـەتی لێدەدا ، کـە شـەیتانەکان پایـان لـە پاوەنـدی زنجـیر دەردەهێنـا ، ڕێگریـان دەکـرد لـەوەی کـە هـیچ چـەکێك بیبڕێـت ، وە کـە دەستی ئەهێنا بەسەر بەردا ( الرخامة : جۆرێکە لە بەرد کە ڕەنگی سپیە ) دەستی دەکرد بە زیکر کردن ، وە کەسانێکی پیادە و سواری بە سەر ئەسپەوە پیشان خەڵك دەدا لـە هـەوادا ، و دەیـووت ئەوانە فریشتەن ، کە لە ڕاستیدا ئەوانە جنۆکە بوون ، وە کـــە موسڵمـــانان گرتیـــان بۆ ئـــەوەی بیکوژن ، خاوەن تیرێك تیرێکی لێدا ، بەڵام نەیبڕی و نەچوو بە لەشیدا ، لـەو کاتـەدا ( عبـــدالملك ) ووتی : تـۆ ( بـــسم الله ) نەکـــردووە ، ئـــەویش ( بـــسم الله ) ی کـــرد و جـــارێکی تـــر تیرەکـــەی لێدایـــەوە و کـــوشتی .

کەواتە : جنۆکـە توانـای ئەوەشـی هەیـە هـەردوو پێـی مـرۆڤ لـە پاوەنـد دەربکـات !! یـان چـوونە ژوورەوەی تـیرو شـیریش بـۆ لەشـی ئـەو کەسـانە قەدەغـە بکـات !!! هـەر وەکـو چـۆن بـۆ ( الحـــارث الدمشقي ) ئەنجامیان دەدا .

ئەم هـەموو کارانـە کـە جنۆکـە ئەنجامـی دەدات بـۆ گـومڕا کردنـی ئـەو کەسـەیە کـە کارەکـەی بـۆ ئەنجام دەدات ( بـە نـاوی کەراماتـەوە ) بـۆ ئـەوەی واتێبگـات کـە ئـەم زاتێکـی موبارەکـە ، و وەلییەکـە لە وەلییەکانی خوا ، و خاوەن کەشف و کەرامەتە ! یان کـەراماتی شـێخەکەی لەگـەڵ دایـە ، خـوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : ﴿ وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ ﴾ [٣١] .

یان بۆ گومڕا کردنی خەڵکی ساویلکە و نەشارەزایە لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز ، چونکە بێگومان ئەگـەر ئـەم کـارە بـە کـەرامات بزانرێـت ، ئـەوا ئـەبێ کـاری جادووگـەران و بـوزا پەرسـتەکانیش بەکەرامات بزانرێت !!! هەروەکو لەم وێنانەی خوارەوەدا دەر ئەکەوێت :

---

[٣١] ( سورة يس : ٦٢ ) .

لەم وێنانەدا : جادو بازێك ( خاوەن کەرامات !!! ) هەوڵدەدات دەستی کەسێکی تر ببڕێت :







لەم وێنانەدا : چەند کەسێکی بوزا پەرست دەبینی ( کەراماتی خۆیان !!! ) نمایش دەکەن :









لەم وێنانەدا : چەند سۆفی گەرێکی تەریقەی کەس نەزانی زەرگ و خنجێر لە خۆ دەدەن ( بە ناو کەراماتەوە !! ) [٣٢] :







**کەواتە لە کۆتایدا ئەڵێم :** ( یان هەرسێکی . واتە : **کاری بوزا پەرستان و جادوبازان و سۆفیگەران .** کەراماتی ئەولیایە ؟! یان ئەمەشیان کە **کاری سۆفیگەرانە** و بە ناو ئاینی ئیسلامەوە دەکرێ **کڵاوەتی بە ناو پیاوچاکانە** ) !!!

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

======================


ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن


(٣٢) سڕینەوەی ڕوومەتی وێنەکان بۆ نەزڕاندنی ناو و سومعەت کەسایەتیەکانە .